

## حەسەن شەریف:

# کەسایەتیی بەرزی هونەرمەند ناسنامەی هونەرەکەیەتی



**بۆ باس کردنی حەسەن شەریف بەر لەوەی بە هونەرمەند وەسف بکرێ، پێویستە بە پێشمەرگە بناسێنرێ، چونکە ئەو لە تەمەنی گەنجێتیدا چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان و بەهۆی عاشقی هونەر و گۆرانی و موزیک بوو لە هەردوو بواردا خەباتی دەکرد بۆ ڕزگار کردنی میللەتی خۆی، لەبواری بەرگری و مقاوەمەت بە چەکی پێشمەرگایەتی و پاراستنی خاکی کوردستان و پا ک کردنەوەی لە بێگانە و داگیرکەران، لەلایەکی دیکەشەوە بە گۆرانی و موزیکی ڕەسەنی کوردەواری و هەوڵدان بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتیی هونەر و هێشتنەوەی مۆرکی کورد بەسەر هونەر، لە هەمان کاتدا بە ڕێگای گۆرانی و موزیکەوە گوزارشتی لە قوربانیدانی میللەتی کورد دەکرد و بە گۆرانی و سروودەکانی پێشمەرگە و میللەتی هان دەدا و بە گیانی کوردایەتی جۆشی دەدان بۆ کۆڵ نەدان و بەرزکردنەوەی ورەیان، کارەسات و مەینەتییەکانی کوردیش بێبەش نەبوون لەو گۆرانی و سروودانەی پێشکەشی کردوون، کاتێکیش کە وڵاتی جێهێشت و ڕووی کردە هەندەران بە هەمان شێوە بەردەوام بوو لە پێشکەش کردنی هونەرێکی کوردی ڕەسەن.**

حەسەن شەریف یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بەرهەمەکانیان بە زیندوویی دەمێننەوە سەبارەت بەمە دەڵێ: هەر هونەرمەندێك جەماوەری تایبەتیی خۆی هەیە، هونەری من زیاتر لە بواری نەتەوەیی و فۆلکلۆریدا بووە و لەبەر ئەوەی میللەتەکەم بە چەند بارودۆخێکی ناسکدا تێپەڕیوە من ناچار بووم شیعرە کلاسیکییەکان بڵێمەوە وەمەلای جزیری و فەقێ تەیران لەگەڵ خۆمدا بە هونەر بیانژێنیم، هەرچەندە لە من بەرزتر بوون و پێویستە کارێکی وا بکەم کە زیاتر ئەمانە بناسرێن و کارێکی هەمە ڕەنگ پێشکەش بکەم، چونکە زۆر لە لاوەکانمان تەنانەت قوتابیانی زانکۆش نازانن مەلای جزیری و عەلی حەریری و فەقێ تەیران کێن، من تەنیا دەمەوێ خزمەت بکەم و بەم خزمەت کردنەوەش هەمموو جەماوەر لە خۆم ڕازی دەکەم جا لە هەر تەمەنێك بن .، هەرچەندە شیعری کۆن و نوێ جیاوازییان نییە، چونکە (ئاف و ئاف) فەقێی تەیران ٣٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا گوتوویەتی دوای ئەو ماوە زۆرە من کردووم بە گۆرانی، دوای بڵاوبوونەوەی بە سەدان نامە و ئیمێلم بۆ هات داوای خاوەنی ئەم شیعرەیان دەکرد و پرسیاری خاوەنەکەیان دەکرد ئەمەش مایەی دڵخۆشی منە، چونکە ئەو ئامانجەی من دەمویست پێکرا.

حەسەن شەریف وەك مرۆڤێكی ئاسایی و وەك هونەرمەند خاوەن کەسایەتییەکی بەرزە و لە هەر شوێنێك بێت کەسایەتیی خۆی پاراستووە، لەم بارەیەوە پێیوایە کە کەسایەتیی مرۆڤ پەیوەست نییە بە کات و جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە ئەوەندەی بەستراوە بە خودی کەسەکەوە و دەڵێت: مرۆڤ لە هەر شوێنێك بێت بەر لە هەر شتێکی پێویستە لە چوارچێوەی کەسایەتیی خۆیدا بمێنێت، من لە کوردستان دەستم بە کاری هونەری و پەیوەندیشم بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە کردووە، کارەسات و مەینەتییەکانی کوردم بینیوە، هەروەها لە وڵات دوور کەوتوومەتەوە و جارێکی تر بە دیداری وڵات شادبوومەتەوە، و لە هەر شوێنێك بووبم هەمان سەنگی خۆم ڕاگرتووە، بێگومان ئەوانەی ناتوانن هەمان کەسایەتییان هەبێت جا بە هەرشێوەیەك و بە هەر هۆیەك بووبێت ئەوا کاریگەری لەسەر کەسایەتیی خۆیان دەبێت وهونەرەکەشیان سووك دەبێت و لە هەمان ئاستدا نامێنێتەوە بەڵکو دادەبەزێت، ئەمەش پەیوەستە بە خودی ئەو هونەرمەندەوە .

حەسەنی پێشمەرگە و هونەرمەند دەربارەی هونەری کوردی لە پارچەکانی تری کوردستان دەڵێت: هەست دەکەم گۆرانی و موزیك لە باکووری کوردستان پێشکەوتووە، لە لایەنی گرووپ و ڕەسەنایەتی و ئۆرجیناڵی گوتن و دەرکەوتن و کۆکردنەوەی ئەرشیف،زۆر جار دەبینین ئەو گرووپانە ئامێرێکی موزیکی ڕۆژئاواییان هێناوە لە موزیکی کوردیدا بەکاریانهێناوە بەمەش مرۆڤێکی ئەورووپی دەتوانێت گوێی لێبگرێت و هونەری کوردی پێ بزانێت، لە باشووری کوردستان هەندێك لەو دەنگخۆشانە هەن کە ئەو کارانەی بە کلتووری کوردییەوە بەستراونەتەوە نەدەبوایە بەرەو ئەو هەڵەیەی بەرن، لێرە گوێی خەڵك بە موزیکی بیانی داگیرکراوە و ئەو گۆرانیبێژانە ئێستا دەست پێدەکەن زۆر سەرسامن بە هونەری وڵاتانی دەوروبەری کوردستان بەتایبەتی تورکیا کە هونەرەکانی کاریگەرییەکی زۆری هەیە من ئەمە بە پێشکەوتن دانانێم، ڕێزم بۆ هەندێك لە هونەرمەندان هەیە. دەبێ ئەوەش بزانین کە هونەری کوردی هەر لە کۆنەوە هونەرێکی قووڵ بووە وئەو ڕوحییەتەی کە تا ئێستاش ماوە، لە ڕەسەنایەتیی ئەو هونەرەوە سەرچاوەی گرتووە.

سەبارەت بەو بارودۆخە جیاوازانەی کە گوزەری کردن لە ژیانی هونەری و تایبەتمەندێتی هەر قۆناغ و سەردەمێك و کاریگەریان بەسەر کار و چالاکییە هونەریەکانی خۆی، هونەرمەند و پێشمەرگە حەسەن شەریف دەڵێ:

ئێمە کاتی خۆی لە ڕێگای هونەرەوە بە دەنگی خۆمانەوە بووین بە خزمەتکارێك بۆ دەربڕینی دەرد و ئێش و ئازاری میللەتەکەمان وشۆڕشەکەی، بە گوێرەی بارودۆخی ئەو کات تواناکانی شۆڕش لە ڕووی میدیاکانەوە سنووردار بوون تەنیا ڕادیۆمان هەبوو لەگەڵ ساز کردنی چەند ئاهەنگێکی نەتەوەیی و حزبی، کاتێك ئێمە دوای ئەنفال ڕوومان لە کەمپەکانی باکووری کوردستان کرد لە دیاربەکر لەوێ خەڵکی دیکەی پارچەیەکی دیکەی کوردستانمان ناسی، بۆ من لە ڕووی هونەرەوە ئەمە هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو بەتایبەتی لە بەرهەمی هیرۆشیما کە لە کارەساتی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە تۆمارم کردبوو، دوای ئەوە قۆناغی ڕاپەڕین دەستی پێکرد کە ئەمەش هەنگاوێکی دیکە بوو، دوای ڕاپەڕین من چوار ساڵ لێرە مامەوە ئینجا ڕووم لە هەندەران کرد، لەوێ من توانیم سوود لە تەکنیك و پێشکەوتن وەربگرم بۆ هونەرەکەم و بوونی خۆم لەنێو کوردەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستان بسەلمێنم و ناوبانگێك بۆ خۆم دروست بکەم، هەرچەندە پێش بکەوین و بەرەو دەوڵەت بوون بچین، ئەوا دەرفەتی پێشکەوتن و ناوبانگی هونەریش زیاتر دەبێت.



## بۆنەکەی بیونسی پڕ فرۆشترینە



جگــە لە بواری گۆرانــی وتن و داهات و ســاز کردنــی ئاهەنگــەکان، خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی بیونسی نۆیلز لە بواری بازرگانی و کڕین و فرۆشتنیشــدا هەر لە پلەکانی یەکەمە لەوانەش ئەو بۆنە تایبەتەی کە بەم دوایيــە بڵاوکرایەوە بە ناوی بیونسی.

بەپێــی هەواڵەکانی ماڵپــەڕی (بیبۆل)ی ئەمریکی دوای ســەرکەوتنەکانی لە بواری هونــەر و هەنگاوە پــڕ جورئەتە جۆراوجۆرەکانی، ئێستا بیونسی شانازی بەوەوە دەکات کە بۆنەکەی یەکێکە لە پڕ فرۆشترین بۆنەکان لە نێو ئەو بۆنانەی کە بە ناوی کەسایەتییە هونەرییە ناودارەکان بڵاوبوونەتەوە، ئەمەش نیشــانەی زۆری جەماوەری ئــەم خانمــە هونەرمەندەیە، هەروەها لە زۆر لایەنەوە ســوودی دەبێت، چونکــە زیاتر دەردەکــەوێ و ناوبانگی زیاتــری بــۆ پەیــدا دەکات و لە رووی مادديشەوە سەرچاوەیەکی باش دەبێت بۆ داهاتی زیاتر.

شایەنی باسە لە ساڵی ٢٠١٠ەوە تا ئێستا بیونسی شــەش جۆر بۆنی بڵاوکردۆتەوە کە دوواینیان بۆنی (Heat) بوو بەبۆنەی دەســتپێکردنی گەشــتێکی هونەری کە چەندیــن کۆنســێرتی لە خــۆ گرت لە ئەوروپا و ئاسیا.

## نەبیلە عوبێد ئـــ

خانمە ئەســتێرەی میســری نەبیلە عوبێــد لە میانەی بەرنامەیەکــی تەلەفزیۆنیدا باســی لــە وردەکارییەکانی خیانەتی هاوســەرەکەی کرد لــە تەمەنێکی زوودا و وتی: من هێشــتا لە تەمەنێکی بچووکدا بووم بەبێ هۆکارێکی دیاریکراو دووچاری خیانەتی هاوسەری بوومەوە کە هەموو لایەك پێی دەزانی تەنیا مــن نەبم، بۆیە نەمتوانی قبوڵی بکەم. نەبیلە زیاتــر وتی: نازانم پیاوێك بۆچی خیانەت لە هاوســەرێکی جوان و بچووکــدا دەکات، من بەرگەی ئەم خیانەتەم نەگرت و تووشی شــۆکی کردم و گرییەکی لە



# شیرلین رووبەڕووی کۆمەڵگا دەبێتەوە

شـــیرلین شـــۆبرا یەکەم ئافرەتی هیندییە کە وێنە رووتەکانی لە لاپەڕەکانی گۆڤاری (پلای بۆی) بڵاوبکرێنەوە بەمەش دیسان رووبەڕووی رەخنەیەکـــی زۆر دەبێتەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی بە بەشـــداری کردنی لە فیلمـــی (3D KAMASUTRA) کە زۆر دیمەنی وروژێنەری تێدایە. دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکانی زۆر کەس لە رەخنەگران و چاودێران ئەم کارەیان بە جورئەتێکی زیاد لە پێویســـت و لە هەمان کاتدا بە جوانیان وەســـف کرد، بەڵام شـــۆبرا دووپاتی کردەوە کە ئێستا ئەو پابەند نییە بە هیچ چاودێرییەك بەتایبەتی لە بارەی پێشکەش کردنی فیلمـــی وروژێنەر و راشـــیگەیاند کە حەز دەکات جەماوەرەکەی چێژ لە وێنەکانی وەربگـــرن و بە مافی جەماوەری زانی لە بەرامبەر خۆشەویستییان بۆ هونەرمەندێك کە چێژ لە وێنەکانی وەربگرن.

لەمەش زیاتر شـــۆبرا بەشێوەیەکی ئاشکرا رووبەرووی ئەو کەســـانە بۆوە کە رەخنەیان لێی گرت و کارەکەیان بە رەفتارێکی ناشیرین وەســـف کرد، شـــۆبرا وتی: مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە کە خاوەن لەشـــێکی جوان بێت، من ئارەزووی ئەوە دەکەم کە لەشی خۆم بە کەســـانی دیکە نیشـــان بدەم بەتایبەتی جەماوەرەکەم ئەمەش لەو شـــوێنانە دەبێت کە بزانن چۆن نیشانی دەدەن وەك گۆڤاری پلای بۆی، لەلایەکی دیکەوە شـــۆبرا خۆی ئامادە دەکات بۆ تەواوکردنی دیمەنەکانی فیلمی (3D KAMASUTRA) لە هەمان کاتدا چاوەڕێی هەڵمەتێکی دیکەی رەخنە گرتن دەکات.

# بە دیمەنە وروژێنەرەکانیش سەرنەکەوت

لە مانگی رەمەزاندا یەکێك لەو زنجیرە دراماییانە کە پێشکەش کران درامای ( مزاج الخير)بوو کە عولا غانم رۆڵی پاڵەوانی تێدا دەبینی و دووچاری رەخنەیەکی زۆر بۆوە بەهۆی دیمەنە وروژێنەر و سەرنجڕاکێشەکانی.

عولا دەربارەی زنجیرەکە رایگەیاند کە هەموو رۆڵەکانی بەشێوەیەکی پیشەگەر دەبینێت و وتی: لای من سەرکەوتنی کارەکە و چۆنییەتی نواندنی رۆڵەکە گرنگە و ئەوەی کە لەگەڵ کەسایەتییەکەمدا دەگونجێت گرنگی پێدەدەم جا ئەگەر وروژاندن یان هەر رۆڵێکی دیکە بێت و لە هەر کاتێکیش پێشکەش بکرێت بۆ من وەکو یەکە، چونکە حیساب بۆ کات ناکەم، دەربارەی سەما کردن و جلوبەرگەکانیشی وتی: پێموا نییە جلوبەرگەکانی من جیاوازییان هەبێت ئەگەر جیاواز بوونایە دەزگای چاودێری رازی نەدەبوو و رەتی دەکردەوە، هەروەها ســـەما کردنیش بەشێك نییە لە وروژاندن، چونکە زۆر وروژاندن بە قسەیەك یان سەیر کردنێکی بچووك زۆر کاریگەری زیاتر دەبێت لە جلوبەرگ.

دوای نمایشکردنی زنجیرەکە لە سینەماکانی میسر فیلمی (برنسيسه) پێشکەش کرا کە ئەویش لە پاڵەوانییەتی عولا بوو و دیســـان رۆڵێکی وروژێنەر و سەرنجڕاکێشـــی دەبینی، بەڵام بەپێی قســـەی رەخنەگران لەمەشـــدا سەرکەوتوو نەبوو، تاریق شـــەناوی رەخنەگری بەناوبانگی میسری دەڵێت: فیلمەکانی جەژن هەموویان پشتیان بە وروژاندن و خۆ رووت کردنەوە دەبەســـت بۆ ئەوەی زۆرترین بینەریان هەبێت، فیلمی (برنسيســـه) سەرکەوتوو نەبوو و نەیتوانی بینەر بۆ خۆی پەیدا بکات و سەرەڕای ئەوەی چەندین دیمەنی سێکسی تێدا بوو کەچی لە کۆتایی لیستی فیلمەکانی جەژندا هات.

# ێستاش بەدوای کچێکدا وێڵە

ژیانم دروســـتکرد کە رزگار بوون لێی ئاســـان نییە بۆیە دواتریش بە ئاگاییەوە لە ژیانی هاوسەرێتیم دەڕوانـــی و رەتم کردەوە و هەموو کاتێکی خۆم بۆ هونەر تەرخان کرد، و هۆکاری ســـەرکەوتنەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر ژیانی هاوســـەرێتیمی لە خەیاڵم دوورخســـتەوە و بیرم لێی نەدەکردەوە. دەربارەی هەســـتی دایکایەتیش نەبیلە بە خەمێکی زۆرەوە وتی: هەمیشە هەستم دەکرد کە بوونم بە دایك بەشـــێکی زۆر لە خەمەکانم کەم دەکاتەوە بۆیە چوومە خانەی بەخێو کردنی منداڵانی بێ دایك و باوك و کچێکی رەش تاڵەم هەڵبژارد بۆ ئەوەی تەبەنی بکەم، بەڵام دواتر پاشـــگەز بوومەوە و ترســـام لەو تەمەنە بچووکەدا تەبەنی بکەم بۆیە ئەم کارەم دواخست بۆ کاتێکی تر، ســـەرەڕای ئەوەش بەردەوام بیری لێدەکەمەوە و هەر کاتێك کچێکی گونجاوم دۆزییەوە ئەوا بێ دوو دڵێ تەبەنی دەکەم.




# چین بە ملیۆنان دۆلار قەرزداری هۆڵیۆدە

بەپێی رێکەوتنێك کە پێشتر لەنێوان چین و ستۆدیۆکانی هۆڵیۆد هەبوو، دەبوایە چین بەشی ستۆدیۆکان بدات لە داهاتی فیلمە سینەماییەکانیان کە لەو وڵاتە نمایش دەکرێن، بەڵام لەبەر بوونی چەند گرفتێك دەربارەی سیستمی نوێی باجەکان، چین پابەند نەبوو بەو رێکەوتنە و بەشی ستۆدیۆکانی لە قازانجی فیلمەکان نەدا.

بڕی ئەو پارەیەش کە پێویستە چین پێشکەشی بکات بە ملیۆنان دۆلار دەخەملێندرێت و هەر یەکە لە شەش ستۆدیۆ سەرەکییەکەی هۆڵیۆد واتە «دیزنی» و»وورنر» و»یونیڤەرسال» و»پاراماونت» و»فۆکس» و»سۆنی». بەشیان تێدا هەیە.

بەپێی گۆڤاری (زە هۆڵیۆد ریپۆرتەر) دەسەڵاتدارانی چین بە بڕی ٣٠ ملیۆن دۆلار قەرزداری ستۆدیۆی وورنەرە تەنیا لە فیلمی (مان ئۆف ستیل) و بڕی ٢٥ ملیۆن دۆلار قەرزداری سۆنییە لە فیلمی (سکای فۆڵ) و ٢٣ ملیۆنیش قەرزداری فۆکسە لە فیلمی (لایف ئۆف بای). لە سەرەتای ئەم ساڵەوە کاتێك ستۆدیۆکانی هۆڵیۆد دژی سیستمی نوێی باجەکانی وەستانەوە، چین رازی نەبوو بەشی ستۆدیۆکان بدات لە قازانجی فیلمەکان، چونکە ستۆدیۆکان رازی نەبوون بەو باجە نوێیەی کە دەسەڵاتدارانی چین دایاندناوە و دەگاتە ٢٪. بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیەش کۆمەڵەی (مۆشن پیکچەر ئەسوسییشن) کە نوێنەرایەتی ستۆدیۆکان دەکات لە گفتوگۆدایە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی چین بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتە و دیاریکردنی ئەو لایەنەی پێویستە باجەکە بدات.

سەرەڕای ئەم ناکۆکییەی کە لە ئارادایە، بەڵام بینەری چینی بێبەش نابن لە بینینی فیلمەکانی هۆڵیۆد، چونکە بازاڕی سینەمای چینی یەکێکە لە بازاڕە گەرم و پڕ قازانجەکان لەسەر ئاستی جیهان نەك تەنیا لەسەر ئاستی چین، بۆیە ستۆدیۆکانیش هەوڵەکانیان چڕ دەکەنەوە بۆ ئەوەی بێنە ناو بازاڕەکەوە ئەگەرچی ئاستەنگەکانی بەردەمی زۆر و سەختیش بن.

لەچەند ساڵی رابردوودا بەپێی رێکەوتنەکە مەرجەکانی سەر نمایش کردن و بەکارهێنانی فیلمە ئەمریکییەکان لە زۆر رووەوە سوك کرابوون و ئاسانکاریان بۆی دەکرد، بەپێی مەرجەکانی رێکەوتنەکە ساڵانە پێویستە ٣٤ فیلمی ئەمریکی لە چین نمایش بکرێن کەچی ساڵی پار ٢٠ فیلم نمایش دەکران، رێژەی ٢٥٪ی داهاتی فیلمەکان بۆ ستۆدیۆکان دەبێت لە بەرامبەردا ساڵی پار رێژەی داهاتەکەی تەنیا ١٣-١٧٪ بەشی ستۆدیۆکان بوو.

# فاتێ : ئەرکی هەموو لایەکە تایبەتمەندییەک

فاتێ یەکێکە لەو خانمە هونەرمەندانەی کە بە شێوازی فۆلکلۆر و هاوچەرخ گۆرانی دەچڕی و لە هەردوو بوارەکەدا سەرکەوتوو بووە، فاتێ سەرەتا لەگەڵ گرووپە هونەرییەکان لەگەڵ (کۆما شێروان) دەستی بەکاری هونەری کرد و توانی وەك هونەرمەندێکی بە توانا شوێنی خۆی بکاتەوە، ساڵی 1973 لە شاری "وان"چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، دوای 21 ساڵ واتە ساڵی 1994 دەستی بەگۆرانی گوتن کردووە و ئێستا خاوەنی چەندین ئەلبوومی گۆرانییە و بەرنامەیەك لە کەناڵی TRT6 پێشکەش دەکات.

بوونی خزمایەتی لەگەڵ هونەرمەندی گەورە و دەنگخۆش کازۆ هاندەرێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی فاتێ بەردەوام بێت و درێژە بە کاری هونەری بدات، هەروەها سوودی لێ وەربگرێت لە کاروانی هونەری خۆیدا.

فاتێ پێیوایە کە کەلتور ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە مانەوەی هونەری کوردی بە زیندوویی لە هەموو پارچەکان و لە هەر پارچەیەکیش بەجۆرێك کە لەگەڵ ژینگەی ئەو پارچەیە گونجاوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام باس لەوەش دەکات کە لە باکووری کوردستان ئەم پێشکەوتنە زیاتر بەدی دەکرێت و دەڵێت: ئەگەر بەشێوەیەکی واقعی و زانستی لە مەسەلەکە بڕوانین بۆمان دەردەکەوێت کە هونەر بەگشتی تا ئێستا لەژێر کاریگەری کلتووردا ماوەتەوە و رەنگە ئەمە بۆ هەموو نەتەوەکانی دیکەش بە هەمان شێوە بێت، بەڵام بۆ ئێمەی کورد ئەمە زۆر بە روونی دیارە، سەبارەت بە پێشکەوتنی هونەری کوردی لە پارچەکانی کوردستان دەڵێم نەك لەبەر ئەوەی من خەڵکی باکووری کوردستانم، بەڵام وەك کوردێك دەبێ ئەوە بڵێم کە لە باکووری کوردستان بناغەیەکی پتەوی هونەری کوردی سەریهەڵداوە وپەرەی پێدراوە و ئێستاش و بەردەوامە ئەم بەردەوامییەی کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکەش هەبووە و بووەتە هۆکارێك بۆ پێشخستنی لە پارچەکانی دیکەش.

فاتێ خۆی پێشکەشکاری بەرنامەیەکی هونەرییە لە کەناڵی هونەری کار دەکات، ئەگەرچی کەناڵێکی تورکییە، بەڵام بە حوکمی سەردانە بەردەوامەکانی بۆ کوردستان شارەزاییەکی زۆری دەربارەی کەناڵە کوردییەکان هەیە، ئەم کەناڵانە بەرنامەی هونەری تایبەتییان هەیە و موزیکیش پشکێکی زۆری بەرنامەکانیانی گرتۆتەوە، بەڵام فاتێ ئاماژە بەوە دەکات بەهۆی گرێدانی کەناڵەکان بە چەند بابەتێکەوە نەیانتوانیوە وەك پێویست دەربڕی خواست و ویستی هونەرمەندان بن و چەند بابەتێکی دیاریکراو کاریگەرییان بەسەر کار و بەرنامەکانی کەناڵەکانەوە هەبووە، لە هەمان کاتدا ئەوەش دەخاتە ڕوو کە جگە لەم کەناڵانە چەند کەناڵێك هەن تایبەتن بە بواری هونەرییەوە و ئەوان توانیویانە تا رادەیەك خزمەت بە هونەری کوردی

# کوردستان زۆر لەوە گەورەترە کە لە هەندێک فیلمدا نیشان دەدرێ

سـەینەمای کوردی تا ئێستا بەشـێوەیەکی سەرەکی پشتی بە نمایش کردن و نیشـاندانی دیمەنە تراژیدی و کارەساتەکانی میللەتی کورد بەستووە وەك سیناریۆی زۆربەی ئەو فیلمانەی تا ئێستا لە دوای راپەڕینەوە پێشکەش کراون، ئەمەش پرسیارێك دەهێنێتە ئاراوە کە کاتی ئەوە نەهاتووە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بکرێتە بابەتی فیلمە کوردییەکان، چونکە کۆمەڵگای کوردی بێبەش نییە لە بوونی ئەو دیاردانەی کە پێویست بەوە دەکات لە رێگای سینەماوە گوزارشتیان لێ بکرێت.

ئەنفال و و کیمیاباران و کۆڕەو سـیناریۆی چەندین فیلمی سینەمایی بوونە و هەر یەکێك بەشێوەیەکی جیا، سینەماکارانی کوردی رۆژهەڵاتیش لە دوای راپەرین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردسـتان جێپی دەسـتیان دیاربووە لە پێشخسـتنی سـینەمای کـوردی، کە زۆر جار پشـتیان بە تراژیدیا و کارەسـاتەکان بەستووە بە پشت بەستن بەو تەکنیك و شارەزاییەی کە لە ئێران بەدەستیان هێناوە بە سوود وەرگرتن لە سـینەمای ئێرانی، ڤیان مایی سینەماکار پێیوایە مەرج نییە تەنیا پشت بە کارەساتەکان ببەستین بۆ پێشخستنی سینەمای کوردی و لەم بارەیەوە دەڵێ: من پێموایە تراژیدیا و کارەسـات لایەنێکی سلبی و ناخۆشی مێژووی میللەتی کوردن و دەکرێ ببن بە بابەتی فیلمە سـینەماییەکان، بـەڵام من وای دەبینم تەنیا بەوە سـەرکەوتوو نابین کە ئەو لایەنە دەربخەین و نیشانی جیهانی بدەین کە تێیدا میللەتی ئێمە چەوسـێنراوەتەوە و ئازار دراوە و بە دڕندەترین شـێوە رەفتاری بەرامبەر کراوە، بەشێکی زۆری ژیانی ئێمە بەتایبەتی لەلایەنی هونەرییەوە دەربارەی ئەم کارەسات و تراژیدیا گەورانە بوون، مێژووی کوردستان زۆر لەوە گەورەتـرە کە لە چەند فیلمێکدا باس بکرێ و نیشـان بدرێ، سـینەماکارانی رۆژهەڵات رەنگە لە زۆر لایەنەوە سەرکەوتوو بن بەتایبەتی لایەنی تەکنیکی، بەڵام لەلایەنی هونەرییەوە پێموایە زۆر جەخت کردنەوە لەسـەر ئەم لایەنە رەنگـە کاردانەوەیەکـی پێچەوانـە و سلبی هەبێت، پێویـستە گرنگی بـەو کێشـە و گرفتانە بدەین کە ئێسـتا لە کۆمەڵگای کوردیدا بوونـی هەیە و پێویسـتیان بە چارەسەر کردن هەیە.



# ـــــانی هونەری کوردی بپارێزین

بکەن، لێرەوە هیوای سەرکەتنی بەردەوامیان بۆ دەخوازم.

فاتـێ ئەوەش دەخاتە ڕوو کـە ئەرکی هەموو لایەکمان بە میدیاکانیشـەوە کە ئەرکێکی زۆرتریان دەکەوێتە ئەسـتۆ ئەوەیە کە بتوانین خاڵـە جیاکەرەوە و تایبەتمەندییەکانی هونەری کوردی بپارێزین و وەك گەلانی دی هەوڵی زیندوو کردنەوەی کەلتووری هونەرمەندە رەسەن و گەورەکانی خۆمان بپارێزین و هەوڵ بدەین زیندووی بکەینەوە و بە نەوەی نوێ و داهاتووی رابگەیەنن و ئاشـنایان بکەین، چونکە ئەمانەن کە بناغەی هونەری رەسـەنی کوردییان داناوە و بوونەتە رێنیشـاندەری ئێمە بۆ برەودان بە هونـەری کوردی، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە کوردیش وەك نەتەوەکانی دیکە خاوەن چەندین هونەرمەندی گەورەن کە بوونەتە هۆی دروستکردنی بناغەیەکی هونەری بەرز و پتەو.

دوای ئەوەی فاتی بەرنامەیەکی لە کەناڵی "TRT6" پێشـکەش کرد لە زۆر لاوە رەخنەی زۆری لێگیرا و و زۆر کەس هەنگاوەکەیان بە باش نەزانی تەنانەت هەندێـك کەس فاتێیان بە خیانەت کردن لـە قەڵەمدا و پێیان وابوو نەدەبووا ئەم کارە بـکات و لەم کەناڵـەدا کار بکات، چونکە فاتـێ هونەرمەندێکە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بەڵام فاتێ لە بەرامبەر ئەو رەخنانەدا بێدەنگ نەبوو و رایگەیاند تەنیا مەبەسـتی خزمەت کردنە بە زمان و هونەر و کەلتوری کورد و بوونی کەناڵێکی لەو جۆرەی بە جۆرێك لەو خزمەتە وەسف کرد، هەروەها بە ئاشکراش لە ماڵپەڕی (ئاڤێستا گرووپ) روونیکردەوە کـە هەر کاتێك بە زمانی تورکی بدوێ ئەو کات دەتوانن پێی بڵێن خزمەتی بە بێگانە کردووە تەنانەت بە (خائین)یش وەسفی بکەن.